
# ناخصك بؤ ماندووبووني سةردةمي مةردي و جةسارةت ... خالَة حةمة



وورده،وورده بەفر ئەباری و لق و پۆپی درختە بێ گەڵاكانی سپی كردبوو، لەسەگوەڕی ئاواییش نزیك بوو بوونەوە، بەشێوەیەك برسی و ماندووبوون لاكەی سەریان دەهات، دوو دوو،سێ سێ بە هەنگاوە گەورەكانیان كە تولەڕێگاكانی هەڵدەلوشی گەییشتنە قەراخ ئاوایی و چراكان مژدەیماندوونەبوونی ئەدانێ، بەرەو مزگەوتی دێ وەژووركەوتن كەبەپاڵ گردۆڵكەیەكەوە دروستكرابوو پاش حەوانەوەو گەرمكردنی سۆپاو خۆووشككردنەوە، سەردەستەكەیان بەرەو ماڵە موختاری دێ بەوهیوایەی كەمێ نان و چایی پەیدا بكات، درەنگ كاتیی و تاریكی شەوو شەرمی خستەژێر پێی خۆیوهاوەڵەكانیەوە، هەربەوشەوە لەزۆربەی ماڵەكانەوە نان و چایی كۆكرایەوە برابۆمزگەوت، چایی دەمكراو بەنانی تیریەوە نۆشیان كرد، هەركاتژمێرێكیش یەكێكیان ئەبوو بە پاسەوان و پاراستنی مزگەوت و هاوڕێكانی ئەگرتە ئەستۆی خۆی ..
ئەبوو سبەی زوو پێش ئەوەی كەڵەشێری بەیانی بقوقێنێ و مجەوری مزگەوت بانگ بدات ناودێ بەجێبهێڵن،هەریەكەیان لەدەوروپشتی زۆپاكە،كەلەسەرما ئەیپاراستن ڕاكشاو بێترس لێینوستن
لە تەك گزنگدا ئەو كاتەی تاك و تەرا پاساریەكان مژدەی ڕۆژێكی نوێیان ئەدا بە مرۆڤ لە خەو ڕاپەڕین، گورجوگۆڵ خۆیان توندكردەوەو كۆڵەپشتەكانیان بەست و چەكەكانیان كردەوە شان و بەرەو جێگای مەبەست بە شاخەكەی پشت ئاواییدا هەڵگەڕان و ناو دێیان بەجێهێشت ..
بەفرەكەی شەو باری بوو هێندەزۆر نەبوو ڕێگەیان لێ تاڵ بكات بەڵام چونكە سایەقەی بەسەردا هاتبوو ووشكەسەرما مرۆڤی لولدەكرد، ئەوانیش بەدوای چاوانی ئازادیدا وێڵ بوون گوێیان نەئەدا بەسەرماوسۆڵەو باران و شەختەی زستان و گەرمای لەڕادەبەدەری رۆژەكانی هاوین..... ئێوارەیەكی درەنگ گەیشتنە نزیك یەكی لەئاواییەكانی زۆر نزیك شار، پشویەكی كورتیان وەرگرت پاشان داگەڕانە ناوشارەوە كۆڵان،كۆڵان،پەناو پەنا بەشوێن نێچیری خۆیاندا ئەگەڕان جلخوارێ،كوردفرۆشێ، سیخوڕێ، كۆلكەبەعسییەك بەعسییەكی پاپەتی ڕەسەن..... !!!
بەداخەوە دوژمن زوربەی ئەم شەوانە نەئەكەوتە داوی ئەم هەڵۆیانەوە كەشەوگارو ڕۆژگاریان ئەگرت بەكۆڵەوەو كون بەكون بەدوای سەری داگیركاردا ئەگەڕان و گیانیان لەسەردەستیان دانابوو... ئەمەژیانی دوو شەوو ڕۆژێكی سەردەمی رۆژانی مەردی و جەسارەت بوو كەنەوەكانمان بەخوێنی خۆیان بۆ مێژوو تۆماریانكردو هەلپەرستانی ئەمڕۆ بەروبومی ئەخۆن ..
ئەگەر ئەتەوێت بزانی ئەم هەڵۆیانە لەكوێن،ئێستا هەندێكیان كەم ئەندام و زوربەشیان شەهیدن
هەروەها زۆربەی گەورەكانیشیان فایلدارو سەرمایەدارو دەسەڵاتدارن وەك نەباشیان دیبێت نە باران بۆیان چۆتەسەر، باران بێت ئاشیان ئەگەڕێت، بارانیش نەبێت ئاشیان بۆ ئەگێڕن، لەبری ئەوەی پێشمەرگەیان لە گەلدابێت پیاویان زۆرەو نۆكەریش زۆرتر ..
ئەوهاوڕێیانەی پێشمەرگەش بوون هەر پێشمەرگە ماندوەكەی جارانن نان و چاییەكەشیان نەبێت بەمەرجێ كوردستان ڕزگاربێت ئەوان ڕازین،شەهیدیان نەمرەو كەم ئەندامیان گەورەپیاوەو دەست كورتیشیان نەفسبەرزو دەوڵەمەندە ..

خاڵەحەمە/دانمارك/ڤالبی/2005/5/10